# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو!
# نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
# لە دەرەوەی وڵات

## (17) بەرەی کوردستانی بۆ پێشەوە!
## (بە بۆنەی راگەیاندنی بەرەی کوردستانییەوە نووسراوە)
## پەیڤ، ژمارە 7، ئاداری 1988

شەڕی ئێران و عیراق بە پان و پۆڕیی، بە شاراوەیی، بە شێوەی دیبلۆماسییەتی چەند سەرەو چەند لایەنە، بە شێوەی شەڕی شارویرانی، شەڕی پاپۆڕ، شەڕە سارووخ و شەڕە تۆپ، لە پایتەخت و شارەکانی عیراق و ئێراندا، لە شارو دێهاتی کوردستاندا، لە شارەکانی (خەلیج) دا، لە پایتەختەکانی جیهاندا، لەناو هۆڵ و هەیوانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە بازاڕە ڕەش و شین و بۆرەکانی چەك فرۆشتندا، لەناو قووڵایی بیرە نەوتییە بێ بنەکاندا، لەناو تاریکایی مێشکە کۆن و فاشیستەکاندا،.. بەردەوامەو بەردەوامە. هەر لەو کاتیشدا ، شەڕی کۆلۆنیالیستی ڕژێمی فاشی بەعسی، بە پاڵپشتی هێزە کۆنەپەرستەکانی عەرەب و ئیمپریالیزمی جیهانیی، دژی نەتەوەی کوردمان، لە شێوەی شەڕی قەلاچۆکردنی نەتەوەیی ( ژینۆساید) دا، بێ خاوبوونەوە، بێ وچان، لە شێوەیەکی دڕندانەوە بۆ شێوەیەکی دڕندانەتر، بەردەوامەو بەردەوامە.

با ئاوڕێك بۆ دوواوە بدەینەوە.
لە ماوەی شەڕی جیهانیی یەکەمدا، بزووتنەوەی رەگەزپەرستی فاشی تۆرانی سەری هەڵداو لە کاتێکدا ئەم بزووتنەوەیە دژی هێرشی دەرەوە وەستا، توانی بە خێرایی خۆی لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا بگونجێنێ و موساوەمە لەگەڵ هێزە ئیمپریالیستییەکاندا بکات بۆ بەرپاکردنی گەورەترین شاڵاوی قەلاچۆکردنی کۆلۆنیالیستانە دژی گەلی ئەرمەن و هێرشی تواندنەوەو راگوێزان و دێهات وێرانکردن و سڕینەوەی شوێنەواری کەلتووری نەتەوەیی، دژی گەلی کورد. لە ئەنجامی ئەمەدا تۆرانە فاشیستەکان توانیان نزیکەی ملیۆن و نیوێك ئەرمەن لەناو ببەن و ئەو گەلە وەك نەتەوە نەهێڵن، هەروەها توانیان زەبرێکی کوشندە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بگەیەنن کە تازە، لە سەرەتای هەشتاکانی ئەم سەدەیەوە هاتۆتە سەرخۆی و ڕێبازی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گرتۆتەوە بەر.
بە دامەزراندنی تورکیای ئەتاتۆرك و درووستکردنی قەوارە نەتەوەیی یەکانی تر لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا، بەپێی نەخشەو بەرژەوەندی ئیمپریالیزم، هەلومەرجی درووست بوونی چەند دەوڵەتێکی شۆڤێنی پێك هات کە لەلایەکەوە لە ڕووی ئابووریی و سیاسیی و کەلتوورییەوە وا بەستە بە ئیمپریالیزمن و لە لایەکی تریشەوە هەر وەك ئەنجام و مەرج و تەواوکەرێکی جەوهەریی ئەو وابەستەیی یە، سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ دەرهەق بە نەتەوەکان و کەمێتییەکانی تر دەگرتە بەر... بەم چەشنە نەتەوەی کوردستان بوو بە قووربانی سیاسەتێکی ئیمپریالی ئەهریمەنیانەو وڵاتەکەی کرا بە کۆلۆنییەکی ناوخۆیی ڕژێمە شۆڤێنیستەکانی تورکیاو ئێران و عیراق و سووریا کە هەم بۆ خاتری بۆرژوازی شۆڤێنیی ئەم وڵاتانەو هەم لە جیاتی و بۆ بەرژەوەندی و قازانجی ئیمپریالیزمی جیهانی گەلی کورد دەچەوسێننەوەو لە پێناوی سەرگرتن و هەمیشەیی کردنی ئەو چەوساندنەوەشدا هەموو هەنگاوێك بۆ کپ کردن و سەرکوت کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد هەڵدەگرن و لە دڕندانەترین تاوان هەتا تاوانی رەشبکوژیی و رەشبگیریی و قەلاچۆکردنی نەتەوەیی سڵ ناکاتەوە. هەر لەبەر ئەم واقیعەیە، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بە

ناچاری و بە حوکمی هەلومەرجی بابەتی مێژوویی و جوگرافیی، بۆتە گرنگترین بزووتنەوەی رزگاریخواز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەگەر چی لەبەر هۆی کزیی و لاوازیی زاتیی بزووتنەوەکە خۆی و سەختیی و دژواریی و فرەلایەنیی ئەو تۆڕە سیاسییەی تێی کەوتووە، هێشتا ئەم گرنگێتییەی بۆ ئاستی کردارو شوێنەواری سیاسیی لە ئاستی جیهاندا تەرجەمە نەکراوە. بە کزبوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ژووروودا، هەر لە ساڵانی بیستەوە و کوردستانی خواروو، ناوجەرگەی کوردستان، بوو بە مەیدان و نێوەندی سەرهەڵدانەوەو جۆشپێدانی مەشخەڵی خەباتی نەتەوەیی رزگاریخواز، ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود، ڕاپەڕینەکانی بارزان ، درووست بوونی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و لە دوایشدا تەقینەوەی شۆڕشی ئەیلوول و بەردەوامی ئەو شۆڕشەو بەدەست هێنانی مافی ئۆتۆنۆمی لە ئازاری ساڵی 1970دا، گرنگییەکی زیاتری بە کوردستانی خواروو داو وەك ناوجەرگەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستان لە هەموو کوردستانی گەورەدا، هاتە پێشەوەو بەمە بوو بە جێگەی سەرنج و نەخشەی شۆڤینیستەکانی نەتەوەی سەردەست لە لایەکەوەو ئیمپریالزمی جیهانی لە لایەکی ترەوە. گرنگیی گەورەی بزووتنەوەی کورد لەوەدا بوو کە تاقە بزووتنەوەیەکی گەلیی جەماوەری دژ بە ئیمپریالیزمی خاوەن وزەو کاریگەری راستەقینە بوو لە رۆژهەڵاتی نزیکدا لەلایەکەوەو لە لایەکی تریشەوە ئەم بزووتنەوەیە بە شێوەیەکی جەدەلی مێژوویی لەگەڵ خەباتی هێزەکانی چەپدا بۆ دیمۆکراسی و سۆشیالیزم گرێ درابوو هەردوو لایەنەکە بەهێزکەرو تەواوکەریی یەکتر بوون . بەڵام جێگەی داخە کە لە کاتێکدا ئیمپریالیزم و هێزە فاشیستەکان بەتەواوی دەوری خەتەرناکی مەسەلەی کوردییان لە پرۆسەی پێشکەوتنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵسەنگاندبوو و نەخشەی ئەهریمەنی خۆیان بەم پێیە داڕشتبوو چ بزووتنەوەی کورد خۆی چ هێزەکانی چەپ و دۆست تیروانینێکی ستراتیژیان دەربارەی ئاسۆی پێشکەوتن و پەرەسەندنی مەسەلەی کورد نەبوو و لەچوارچێوەی کێشەی دواکەوتووی (حوکمی زاتی) دا خنکاندبوویان، کە ئەم کێشەیە مەودای تەواوی بۆ دەرکەوتنی شۆڤینیزمی نەتەوەی گەورە لە رەنگ و ڕوخساری جۆراوجۆردا فەراهەم کردووە. بەتایبەتی کاتێ ئەم درووشمە وەك دژەکارو پێچەوانەی موتڵەقی ( مافی چارەنووس) دادەنرێ نەك وەك قۆناغ و تەواوکەرو سەلمێنەری ئەو مافە...

هەرچۆنێ بێ گەیشتنی بزووتنەوەی کورد بە مافی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی 11ی ئازاری 1970دا تەواو هێزە ئیمپریالیستەکانی هەراسان کردوو ئەم دەسکەوتەیان بە سەرەتای مێژوویەکی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانا. ڕاستییەکەش هەر وابوو. ئاشتی لە کوردستاندا تا ڕادەیەك بووە هۆی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی باڵێکی چەپ لە ناو حزبی بەعسدا و خۆماڵییکردنی نەوت و پێکهێنانی بەرەی نیشتیمانی و بەستنی یەکەم کۆنفرانسی (ئۆپك) لە بەغدا و زیاد کردنی نرخی نەوت بە شێوەیەك کە ئابووری وڵاتە سەرمایەدارییەکانی لە بناغەوە هەڵتەکاند. سەرانی بەعسی ئەوسا چەند جار دوو پاتیان کردەوە کە بە بێ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد خۆماڵی کردنی نەوت مومکین نەدەبوو. جگە لەمەش پێشکەوتنی بزووتنەوەی کورد موژدەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلی کوردی لە کوردستانی داگیرکراوی ئێران و تورکیەو سووریەش دەدا، جگە لە پێشکەشکردنی دەرفەتێکی لەبار بۆ ئازادی کەمێتییە نەتەوەیی یەکانی تریش لەو وڵاتانەداو پێشکەوتنی کۆمەلایەتیی و ئابووریی لە تەواوی ناوچەکەدا. دیارە هیچ گۆڕانکارییەك بەتەنیاو دوورەپەرێز لەسەر جەمی ڕێڕەوی ڕووداوەکانی جیهان و دژایەتییەکان ڕوو نادا. هێزە ئیمپریالیستەکانیش هەموو ئاڵوگۆڕێکی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی لە جیهاندا لە چوارچێوەی (شەڕی سارد) و بەربەرەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو دژایەتی نێوان ڕژێمی سەرمایەداری و سۆشیالیزمدا دەبینن و لێرەوە لە ڕوانگەیەکی (جیوپۆلیتیکی) یەوە سەرنجی دەدەن و حیسابی بۆ دەکەن. سێ مانگ دوای ڕێکەوتنەکەی 11ی ئازار، سی.ئیف.جی.ویبیل C.F.G.WHEBELL لە ژمارەی حوزەیرانی (گۆڤاری جوگرافی) ئەمریکیدا ئەم وێنەیەی دەربارەی کوردستان و مەسەلەی کورد پێشکەش کردووە:

[ کوردستان شوێنێکی خەتەرناکی لە چوارچێوەی (شەڕی سارد) دا هەیە چونکە بەو هەرێمەدا درێژ دەبێتەوە کە سۆڤیەت لە جیهانی عەرەب نزیکترین دەبێتەوە. کەمتر لە 350 کم سنووری عیراق لە نزیکترین کۆماری یەکێتی سۆڤێت لە سەرووەوە جیا دەکاتەوە... سنووری نێوان تورکیاو ئێران کە بەم ناوچەیەدا دەڕوا، لاوازترین ئەڵقەی (سینتۆ) یە بۆ گەمارۆدانی ( ئیحتیواکردنی) ( یەکێتی سۆڤێت) و لەنێوان دوو وڵاتدایە کە لە ڕابردوودا دوژمنی سەرسەختی یەکتر بوون، هەروەها ئەم ناوچە شاخاوییە کەمێتی نەتەوەیی تری تێدا هەیە، لەوانەی لەبەرچاون ئەرمەنییەکان و ئازربایجانییەکانن... تا ئێستا هەموو گیروگرفتێکی کورد لەدەست عیراقدا بووە، کە ئەندامی ( سینتۆ) نییە. تورکیا سنووری خۆی بۆ کوردە عیراقییەکان داخستووە، وەك هەڵێك تا توندوتیژی چەکدار لەخۆی دوور بخاتەوە، بەڵام تەنیا مەسەلەی کاتەو زۆری پێ ناچێ کوردەکانی تورکیاش بەشداری ئەو ململانێیە دەکەن. ئەگەر وەك بەڵێن دراوە حکوومەتێکی شۆڕشگێڕی کورد لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە دابمەزرێ، ئەوا کەلێنێکی گەورە دەخرێتە نێوان ئەو دەوڵەتانەی سەر بە ڕۆژاوان و یەکێتی سۆڤیەت، یەکێتی سۆڤیەت دەتوانێ هاوتایی هێز لە ناوەوەی ( الهلال الخصیب) دا بەرەو خۆی ڕابکێشێ بە بەکارهێنانی هێزی دەریایی زۆر بەهێزکراوی خۆی بۆ پەك خستنی دەوری هێزی دەریایی ئەمریکی لە گواستنەوەی یارمەتی ماددی بۆ هاوپەیمانەکانی لە ناوەوەی (هیلالی خەصیب) داو بەم چەشنە هەر ناوچەیەك بیەوێ دایببڕێ. ئەمەش هەروەها دەرفەتێکی گەورەی دەداتێ کە هەستی نەتەوایەتی و تەمای ئابووری نەتەوانی بێ دەوڵەت لە دەوروپشتی ڕژێمی ئێستای خۆی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار بێنێ...]

بەم چەشنە دەبینین کە ئیمپریالیستەکان هەمیشە لە گۆشەیەکی جیۆپۆلیتیکییەوە حیسابیان بۆ مەسەلەکەی کورد کردووەو حیسابی دوورخایەنی بۆ دەکەن.

خۆ ئەگەر سەرکەوتنی شۆڕشی کورد لە یازدەی ئازاردا ئاوا دەوڵەتانی ئیمپریالیستی تۆقاندبێ و بە خەیاڵی خۆیان هەرەسی 1975 لە ئەنجامی پیلانی ئەمریکی- ئێرانیدا، هەوڵێکی گرنگ بووبێ بۆ گێڕانەوەی مێژوو بۆ دوواوەو فت کردنەوەی دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە عیراقدا، ئەوا سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لە کورد لە کوردستانداو بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی شاو دەستپێکردنی ڕاپەڕینی چەکداریی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ژووروشدا، بوو بە هۆی ئەوەی خەونە ترسناکەکەی ئیمپریالیستەکان بێتە دی و بە چاوی خۆیان بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بەرفراوانی نەتەوەی کورد لە سێ پارچەی کوردستاندا ببینن. بۆیە لە پێناوی نەهاتنە دی سیناریۆی درووست بوونی ( دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی کوردی سەر بە یەکێتی سۆڤێت) بە حسێبی خۆیان نەخشەی ئەهریمەنیانەی تریان بۆ گەلی کورد ئامادە کرد. هەروەك لەو وتارەی ناوبراوو زۆر بەڵگەنامەی تردا دەردەکەوێ حسێبی تورکیاو وڵاتانی ناتۆ هەمیشە بەم جۆرە بووە:

1- بزووتنەوەی کورد تەنیا لە عیراقدا زۆر بەهێزەو بۆی هەیە بێتە نێوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلی کوردستان.

2- بەهێزبوونی بزووتنەوەی کورد لە عیراقدا زیاتر بۆ لاوازی ( حکوومەتی مەرکەزی) واتە حکوومەتی بەغدا دەگرێتەوە، نەك بۆ بەهێزی کورد خۆی.

3- بۆیە باشترین ڕێگا بۆ لەناوبردنی ئەو بزووتنەوەیە یان هەر نەبێ کزکردن و پەراوێزکردنی هەروەك لە تورکیاو ئێراندا کراوە، ئەوەیە حکوومەتی مەرکەزیی لە بەغدا بهێز بکرێ و پاڵپشتی بکرێ تا بەوپەڕی توندوتیژییەوە لێی بدا.

4- ئەگەر عیراق خۆی نەیتوانی لە بزووتنەوەکە بدا، ئەوا دەبێ هەمیشە تورکیاو ئێران ( دوو دەوڵەتی سەنتۆ) ئامادەی ئەم کارە بن و هاوکاری تەواو لە نێوان هەرسێ وڵاتدا بۆ ئەم مەبەستە هەبێ.

5- مەسەلەی کورد نابێ هەرگیز وەك مەسەلەیەکی سەربەخۆ سەیر بکرێ بەڵکو دەبێ وەك مەسەلەیەکی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە دابنرێ و سیاسەتی تواندنەوەی کوردەکان لە چوارچێوەی نەتەوەی ئەو وڵاتانەدا هان بدرێ.

نەخشەی تورکیا بۆ ناردنی سووپا بۆ کوردستان بۆ لێدانی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی خواروودا لە ساڵی 1963 و هاوکاری ڕژێمی ئێرانی و عیراقی لە ساڵانی 1976-1979و ڕژێمی عیراقی و تورکی هاتنە ناوەوەی سووپای تورکی بۆ کوردستان لە ساڵانی 1981-1984دا... هتد ئەمانە هەمووی بەڵگەی هەوڵ و تەقەلای بێ وچانی ئیمپریالیزم و ڕژێمە شۆڤێنییە فاشیستەکانن بۆ لێدان و لەناوبردنی بزووتنەوەی کورد.

ئەمڕۆش کە شەڕی عیراق و ئێران لە گۆڕێیەو دەنگوباسەکانی ئەو شەڕەو بابەتەکانی (شەڕی پاپۆڕ، شەڕە شار...هتد) بوونەتە باس و خواسی ڕاگەیاندنی ڕۆژاوایی دەرفەتێکی لەبار درووست بووە تا هێزە ئیمپریالیستەکان لە ڕێگای بەهێزکردن و دەسەڵاتدارکردنی ڕژێمێکی فاشی ڕەگەز پەرستی کورد کوژ، لە سێبەری شەڕی (خەلیج) دا ، پیلانی لەناوبردن و تواندنەوەی گەلی کوردیش، بە خشکەیی و بە ئەوپەڕی بێ شەرمی و دڕندەگەرییەوە بە ئەنجام بگەیەنن. ئەمڕۆ شەڕی عیراق و ئیران وەك شەڕێکی (جیهانی) شاراوە، لەکاردایە. ڕژێمی بەعس هەموو داهاتی نەوتیی و ئابووری عیراق و بەخشیشی لە بن نەهاتووی سعوودیەو کوێت و قەرزی وڵاتانی ئیمپریالیستی، بۆ ئەم شەڕە شەتەك داوەو سەرانسەری کۆمەڵگای عیراقی کردۆتە کۆمەڵگایەکی عەسکەری کە ئایدۆلۆژیەتی فاشی و نازی باڵی ڕەشی بەسەردا کێشاوەو درووشمی ( یان بکوژە یان دەکوژرێی) بەسەردا زاڵە.

لەم کاتەدا:

1- هەروەکوو تۆرانییە فاشییە هاوبیرەکانیان کۆلۆنیالیستە بەعسییەکان بە پاڵپشتی تورکیاو ناتۆ، لەم شەڕە دەرفەت وەردەگرن تا پڕۆژەی ئیمپریالیستانەی خۆیان لە شێوەی لەناوبردنی فیزیکی/ جەستەیی گەلی کوردو داگیرکردنی ئەبەدی خاکەکەی پیادە بکەن.

2- ئایدۆلۆژییەتی نازیی نەتەوەیی لەناو عەرەبەکانی عیراقدا پەرە پێ دەدەن و سووپای عیراقی بۆ ڕەشبکوژی کوردو بە عەرەب کردنی کوردستان بەکار دەهێنن.

3- هەروەك چۆن ئیمپریالیستە ئەمریکییەکان لە ڤێتنامدا لە ئاستی بەهێزبوونی بەرگری بێ وێنەی گەلی زەحمەتکێشی ڤێتنامدا، سیاسەتی ( ڤێتنامی کردنی) شەڕەکە واتە بەکوشت دانی ڤێتنامی بە ڤێتنامی- یان بەکار هێنا، بەعسییەکانیش سیاسەتی (بەکوردی کردنی) شەڕی ڕەگەزپەرستانەی خۆیان دژی نەتەوەی کورد بەکار دەهێنن ئەمەش بە ناچار کردنی هەزارەها ماڵ وێران و بێکارو بێ پەنا کە ببنە جاش و سووکەجاش و دەستیان بچێتە خوێنی براو کەس و هاو زێدەکانیانەوە.

شەڕی قەلاچۆکردنی کۆلۆنیالیستی بەعس دژی نەتەوەکەمان، ئەمڕۆ تەنیا لە ئاستی مەترسیدا نەماوەتەوە. حەقیقەتێکە لە گۆڕێیە کارێکە دەکرێ، شاڵاوێکە پانایی و درێژایی کوردستانی گرتۆتەوە پڕۆسەیەکی بەردەوامە لە شێوەی سڕینەوەی سەدان دێ و دەربەدەرکردنی هەزاران مرۆڤی کوردو، کوشتنی ژن و منداڵ و پیر بە هەموو جۆرە چەك و شێوەیەك، وەك داستانێکی تراژیدی پڕ خوێن و فرمێسك، پڕ ئاە و هەناسەو دادی بێ وەڵامدا، هەموو ڕۆژو هەموو سات و ئانێك، خۆی دەردەخا. جێگای داخە کە لە عاست هەموو ئەم تاوانانەدا، لەم دنیا بەرینەدا ویژدانێکی زیندوو نەجوولێ و هاوارێکی مرۆڤپەروەرانە بەرز نەبێتەوە.

جێگای داخێکی گەورەترە، کە هێشتا ئێمە خۆمان، وەك سەرلێشێواو داماوو دەستەوەستان، لە شوێنی خۆمان گێژ بخۆین و هەنگاوێکی پتەو نەنێین و بەرنامەیەکی ڕوونی کارو جووڵانەوەمان نەبێ.

جێگای داخە کە دوای ڕاگەیاندنی ئاشکراو بێ شەرمانەی ڕژێمی بەعس کە دەیەوێ کوردستان خاپوور بکاو کوردکوشتن حەڵاڵ و زەڵاڵ بکا، هێشتا ئەو هێزو دەستانەی لە مەیدانی خەبات و بەرگریدان، نەتوانن یەکێتی و هاوخەباتییەکی کاریگەر بەدەست بێنن و بەم کارەش زیاتر دەرفەت بە دوژمن بدەن و پتر دەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان بخنکێنن.

گومانی نییە کە ئەم حاڵەی ئێستا تێیداین ئەنجامی هەڵەو تاوانی رابردووەو هەموو لایەك لەو هەڵەو تاوانانەدا بەشدارن و لێپسراون.

بەڵام، با ئێستا نە بۆ رابردوو ئاوڕ بدەینەوە. نە بۆ شتی لاوەکی پەل بهاوین.
**ئێستا پێویستی قۆناغی مێژوویمان، ئێستا جەماوەری خوێن بەخشی گەلەکەمان، ئێستا هەر ڕووناکبیرو هۆشمەندو ڕۆڵەیەکی خەمخواری گەلەکەمان، ئێستا هەر دۆستێکی بەڕاستی دۆست و دڵسۆزی نەتەوە چەوساوەکەمان، هاوار دەکەن و دەکەن، چار، تاقە چار بەرەی کوردستانییە.**
ڕەنگە بەرەی کوردستانیش چار نەبێ، بەو مانایەی ئەوەی لەباردا هەبێ دەرەقەتی ئەو هەڕەشە گەورانەی ئەمڕۆ بێ.
**بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، چار تاقە چار، بەرەی بەرەی کوردستانییە، چونکە گەر ئەوە چار نەبێ، هیچ چارەیەکی دی شك نابەین، چونکە گەر ئەوە چار نەبێ مانای وایە ئێمە، نەتەوە نین، یان نەتەوەیەکین، لە دەرەوەی جوغزی مێژوو و جوگرافیادا دەخولێینەوە، لە پەراوێزێکدا بەپێوە وەستاوین کە گەردوون پێی نازانێ،** مانای ئەوەیە: نین، وەك خۆمان، دەبێ دەست بە دامانی ئەم و ئەوەوە بگرین، دەبێ خواستی خۆمان نەبێ، بیری خۆمان و ئایدیۆلۆژیەتی خۆمان نەبێ، ستراتیژیەتی خۆمان نەبێ، هەرچی راست بێتەوە بێتە ئاغامان، کێ حەز بکا، بێتە دەمڕاستمان بەکورتی و بەکوردی، **گەر بەرەی کوردستانی نەبێ: یانی مەسەلەیەکی کوردی و کوردستانیش نییە، یانی هەرکەسە بۆخۆمان، یانی دەبێ ئامادە بین دەم بنێینەوە خوێنی یەکتر، خۆپەرستانە بژین ئەگەر بە نۆکەری کردن بۆ خەڵکە تریش بێ!!!**
دەیان بەڵگەی مێژوویی دوورو نزیکمان ئەم حەقیقەتە دەردەخاو زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری زەحمەتکێشی گەلەکەمان گەیشتوونەتە ئەم ئاکامەو پێویست ناکات ئەو بەڵگانە دووپاتە بکەینەوە.
**بۆیە راگەیاندنی پڕۆژەی بەرەی کوردستانی لە بەیاننامەی پێنج حیزبی کوردستانی خوارووداد لە 1987/7/30، خۆی لە خۆیدا مزگێنییەکی گەورەبوو، پشتێنێکی پەلکەزێڕینەیی بوو، کە ئاسمانی سەرانسەری کوردستانی لە کەمەر بەست... هەموو زامدارەکان، خەمخوارەکان، ئاوارەو زیندانی و کۆست کەوتووەکان، لە کوردستانی گەورەدا، بینییان و کردیانە سوورمەی چاوی هیوایان ورەو وزەیەکی تازەیان لێ وەرگرت.**
**ئێستاش گەڕانەوە بۆ دوواوە نییە. ئەمە خواستی مێژووەو زۆر دڕەنگ وەڵاممان داوەتەوە.**
ئەمە سەرقافڵەی دڕەنگ وەختی کاروانی مێژووی سەدان جار رێ پێ گیراوو، رووتکراوەو تاڵانکراوو، زامدارکراوو شەهیدکراوی کوردە، ئێستە، تازە بەتازە، لەم دواچۆرەی سەدەی بیستدا، لەم گۆشە نیگای سەدەی بیست و یەکەمدا، توانست و خواستی ئەوەی هەیە خۆی ئاشکرا بکات و بڵێ: ئەوەش منم، ئەوەیە بارو بەرنامەو قۆناغم.
ئەم کاروانە بۆ دوواوە ناگەڕێتەوە.
ئەوانەی بۆ دوواوە پاشە کشێ دەکەن، یان لە شوێنی خۆیان دەچەقن، یان خوێن دەیانگرێ و لە ترسی قۆناغی دادێ سامیان لێ دەنیشێ و لە پەلو پۆو گفت و گۆ دەکەون: ئەوانە بەجێ دەمێنن، ئەوانە کاروانی خەباتی گەلەکەمان بەجێیان دەهێڵێ، ئەوانە جارێکی دی لە نێوان سەرقافڵەی سەرفرازی بزووتنەوەی نەتەوەکەماندا جێیان نابێتەوە.
**دەسا بۆ (بەرەی کوردستانی) لەدایك نابێ و ناوو ناونیشان و پەیامی خۆی ڕاناگەیەنێ؟!**
**بۆ سست و خاوو بێ هێزو بێ پێزە؟**
**بۆ دەنگی زوڵاڵی کاروانی خوێنی ئاڵی کوردو پەیامی چیا دوژمن بەزێنەکانی کوردستان ناگەیەنێتە کون و قوژبنی دنیا؟**
**یان وەك گۆرانی مەزن دەڵێ:**

بۆ زوبانی بێ گریێم
نایەڵێ سەربەست بڵێم
ڕێبوارم سەربەخۆیی کەعبەمە
دەشتی خوێن گەر ڕێگەمە

بێ خطوورەم بەردەبازم کەللەیە
تا ئەگەم بەو قیبلەیە
بۆ نەهاتە سەردەمم ئەم چەشنە گوفتارانە قەت
بۆ نەبوومە پاڵەوانی کردەوەی ئازانە قەت
ئۆف، هەزار ئۆف، ئاخ، هەزار ئاخ
غیرەتی کوردی هەژار ئاخ!

ڕاستە: مەسەلەکە لە درووشم و شیعرو عاتیفە گەورەترە!! هەر لەبەر ئەوەیە کە بەرەی کوردستانی پێویستە. بەرەیەك لەسەر عەقڵ و مەنتیق و تێرڕوانینی ستراتیژی ڕاوەستابێ. بەرەیەك بڵێ: ئەوە ڕێکخراوی بزووتنەوەی کورد، ئەوە یەکبوونی بزووتنەوەی کورد، ئەوە نوێنەرایەتی بەرفراوان و دیمۆکراتی کورد. بەرەیەك کە چوارچێوەیەك بێ بۆ یەکێتی و هەرگیزاو هەرگیز ڕێگای سەرهەڵدانەوەی ناکۆکی و دووبارەبوونەوەی شەڕی براکوژی نەدا.
بەرەیەك کە چوارچێوەیەکی دیمۆکراتی فراوان بۆ ئاگاداربوون و بەشداری جەماوەری زەحمەتکێش لە سیاسەت و بڕیارداندا فەراهەم بکات. بەرەیەك کە لە چوارچێوەی ئەو {5} حیزبە تێبپەڕێنێ و مەودا بۆ هەموو دەستەیەکی تری سیاسی و ڕێکخراوە گەلیی و ڕۆشنبیری و کەسێتییە نیشتمانییەکان بکاتەوە تێیدا بەشدار بن و مەیدانێکی فراوان بۆ یەکخستن و بەگەرخستنی وزەو هێزی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر پێك بهێنێ- بەرەیەك کە لە جیاتی قرو قاپ کردن و فەرامۆشکردنی مەسەلە چارەنووسییەکان، دەرگای بیروڕادەربڕین و ڕەخنەی دیمۆکراتی و لێپسراو دەربارەی هەموو کارێك کە بۆ پاشەڕۆژی نەتەوەکەمان گرنگە، بکاتەوە- بەرەیەك کە لە دەرەوەو ناوەوەی وڵاتدا مەکتەبی نوێبەرایەتی و ڕاگەیاندنی یەکگرتووی بزووتنەوەی کورد پێك بێنێ.. بەرەیەك کە دەرگای هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ هەر حیزبێکی کوردستانی و نیشتمانی و پێشکاوتنخواز لە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندو جیهاندا بخاتە سەر گازی پشت، بەرەیەك کە ستراتیژی روون و بەرنامەی ئاشکرای هەبێ و مافی چارەنووسی گەلەکەمان لە هەڵبژاردنی حوکمی زاتییەوە تا دەگاتە مافی دروستکردنی قەوارەی سیاسی سەربەخۆ بسەلمێنێ.. بەرەیەك کە بە هیچ شێوەیەك ( ئینعیزالی) نەبێ بەڵکو بنچینەیەکی ساغ و درووست و بێ پێچ و پەنا بۆ هاوکاری و هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ هەر هێزێکی نیشتمانی غەیرە کورددا دابنێ کە باوەڕی بە مافی چارەنووسی گەلەکەمان هەیە، یان لە زۆر لە ئامانج و تەکتیکەکانی ئەم قۆناغەماندا یەك دەگرنەوە.
درووست بوون و بەکارکەوتنی ( بەرەی کوردستانی) مەرجی پێشینەیەو هەموو بابەت و مەسەلە وردو درشتەکانی تر دەبێ لەناو ئەو چوارچێوەدا، نەك لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەدا، حەل بکرێن، ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو هەموو تاوانکارییەشدا کە دەرهەق گەلەکەمان دەکرێ، لەگەڵ ئەو هەموو کوشتن، بڕین و وێرانکارییەشدا لە گۆڕێیە، دەنگ و ڕەنگی مەسەلی کورد لە جیهاندا نییە یان زۆر کزە. نەزۆکی و سیستی و خاوی لە کارو چالاکیی کوردەکان لە دەرەوەدا خۆی سەپاندووە. دوای نزیکەی دوو ساڵ گفتوگۆو چەندەها جار دانیشتن ڕێکخراوە خوێندکارییەکان نەیانتوانیوە ببنەوە یەك و لە ڕووی چالاکی و تەئسیریانەوە، وەك نەبن وایە. کەمترین شت بوترێ ئەوەیە ئەم حاڵە جێگەی شەرمەزارییە لە کاتێکدا گەلەکەمان شەڕی قەلاچۆکردنی ئیمپریالیستەکانی لە دژ بەرپاکراوە.
بەڵام هەموو مەسەلەکە، لە شیکردنەوەی دواییدا، دێتەوە سەر ئەم پرسیارە جەوهەرییە، مێژوویی یە، سیاسییە،
کورد کێیە؟ نوێنەری کێیە، ڕێکخراوی سیاسی یەکگرتووی کامەیە، بەبێ بەدی هێنانی ئەم هەنگاوە هەر کارێکی دی لە دەرەوەی وڵاتدا ئەمڕۆ بێبەرو پەراوێزی دەمێنێتەوە.
نە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، نە ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییەکان، نە تاك تاك کەس و کۆمەڵ لێرەو لەوێ، دەتوانن ببنە نوێنەری کوردو بە ناوی کوردو بزووتنەوەی کوردەوە بدوێن.

بەڵام هەموو ئەمانە بە هەبوونی چوارچێوەیەکی دیموکراتیی فراوان دەتوانن شوێنی درووستی خۆیان بگرن و هەر یەکەو هەر کۆمەڵەو ڕێکخراوە، لە شوێنی خۆیەوە، شتێك هێزو وزەو هاوارێك، بخاتە سەر ڕێڕەوی پتەوی خەباتی یەکگرتووی نەتەوەکەمان و بە دنیای بناسێنێ.
بەکارنەکەوتن و دواکەوتنی بەرەی کوردستانییە کە هەموو چالاکییەکانی لە دەرەوەدا پەك خستوون.
ئەمرۆ ڕووداوەکان بە تیژی دێن و دەڕۆن. جیهان لەسەر سەکۆی ئاڵوگۆڕێکی خێرا لە پێوەندییەکانی نێو نەتەوەییدا وەستاوە.
مەسەلەی کورد هەیەو زیندووەو جێگای سەرنج و بایەخ پێدانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتە. بەڵام بەبێ بوونی دەنگ و ڕەنگێکی یەکگرتووی کورد هەموو ڕیسێکمان دەبێتەوە بە خوری، هەموو تەقەلایەکمان دەبێتەوە بە خۆهەڵواسین بەم و بەو، ئیشکردن بۆ بێگانە.
ئێستاش سێ مەسەلەی گرنگ بە نیسبەت خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە لە ئارادایە کە پێویستە گەلی کورد بە وریایی سەرنجیان بداتەوەو خۆیان بۆ ئامادە بکات.
1- بەستنی کۆنگرەیەکی جیهانی بۆ چارەسەری گیروگرفتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ( واتە فەلەستین).
2- هەوڵدانێکی جیهانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ شەڕی عیراق و ئێران لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەك گرتۆکاندا.
3- مەسەلەی وەرگرتنی تورکیا بە ئەندامی کۆمەڵگای ئەورووپی.
هەر یەکێ لەم مەسەلانە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە کێشەو پاشەڕۆژی گەلەکەمانەوە هەیە. خۆئامادەکردن بۆ هەر یەکێ لەمانە پێویستی بە ئامادەکردنی یادداشتی یەکگرتووی فراوان و وەفدی یەکگرتوو هەیە... ئەگەر چی هێزەکانی فاشی و ئیمپریالیست، لە پیلان و هەوڵی خۆیان بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان ناکەون، مێژووی خەباتی گەلان وەك گەلی ڤێتنام و کووباو جەزائیرو فەلەستین، نیشانمان دەدا کە بەردەوامی بەرگری و لەسەر خەبات سووربوونی گەلان بۆی هەیە ڕای گشتی دنیا بەلای خۆیدا ڕابکێشێ و سەر بە داگیرکەران و کۆلۆنیالیستەکان نەوی بکات... ئەمرۆ سەردەمی زانست و زانیاری و هوشیارییە- سەدەی لەناوبردن و تواندنەوەی گەلان بەسەرچوە. گومانی نییە کە دوژمنان و ناحەزانی کوردیش گەیشتوونەتە ئەم ئەنجامە یان دڕەنگ یان زوو دەگەنە ئەو ئەنجامە- گومانیشی نییە کە ڕای گشتی ئینسانی و پێشکەوتنخوازی دنیا زیاتر ئەم قەناعەتەی هەیەو بۆی هەیە زیاتر باوەش بە مەسەلەی نەتەوەکەماندا بکا- ڕاپۆرتی ئەم دوایی یەی ( کۆمەڵەی چاودێری هیلسینکی) ( Helsiki Watch Report ) بەڵگەی ئەم بۆچوونەیە. چاودێری هیلسینکی ڕێکخراوێکی نادەوڵەتیی جیهانیە کە لە ساڵی
1979دا بۆ { پەرەپێدانی خۆبەستنەوەی مەحەللی و جیهانی بە بەندەکانی ڕێکەوتننامەی هیلسینکی 1975} لە نێوان ڕۆژهەڵات ڕۆژاوادا درووست بووە. لە ڕاپۆرتێکی 160 لاپەڕەیی دا کە ئەم ڕێکخراوە دەربارەی شێوەی لەبەرچاوگرتن و کارپێکردنی بەندەکانی هیلسینکی دەربارەی مافی مرۆڤ لەو وڵاتانەدا کە ئیمزای ئەو ڕێککەوتننامەیەیان کردووە، بڵاوی کردۆتەوە نزیکەی سێیەکی ڕاپۆرتەکە بۆ باسی وەزعی کورد لە تورکیادا تەرخان کراوە. لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا ئەم ڕاسپاردە گرنگانە دەربارەی مەسەلەی کورد لە تورکیادا بڕیار دراون:
{ * دان نان بە بوونی کورد لە تورکیاداو دانی ئەو مافە سیاسی و مەدەنییانە پێیان کە تورکەکان هەیانە.

- دوایی هێنان بە هەموو ئەو ماف کەمکردنەوانەی کوردەکان لە هەوێتی نەتەوەیی یان بێبەش دەکەن. ڕێگادان بە بەکارهێنانی زمانی کوردی، مۆسیقاو هەڵپەڕکێ و ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی جەژنە کوردییەکانەوە... ڕێگادان بە بەکارهێنانی زمانی کوردی بەکارهێنانی ناوی کوردی، بەکارهێنانی زمانی کوردی لەلایەن زیندانییەکان و میوان و پارێزەرەکان لە زیندانەکان و گرتووخانەکان.
- ڕێگادان بە دامەزراندنی ڕێکخراوی کوردی و بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاوکردنەوەی کوردی.

- دامەزراندنی کۆمیتەیەکی پەرلەمانی بۆ لێکۆڵینەوەی گیروگرفتەکانی کەمێتی کوردی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ باشکردنی وەزعییان.
- هەڵگرتنی نیزامی پاسەوانی دێهاتەکان.
- دوایی هێنان بە هەراسان کردنی پەنابەرانی کورد لە دەرەوەو هتد}.

دیارە ئەم ڕاسپاردانە یەگجار گرنگن بەتایبەتی لە چوارچێوەی وەزعی کورد لە کوردستانی ژووروودا کە هێشتا ڕژێمی تورکی بە تورکی شاخاوییان دادەنێ و ئامادە نییە بڵێ: کورد هەر هەیە. هەروا گرنگییەکی تەواو بە دەوری بزووتنەوەی کورد لە چوارچێوەی بڕیاردانی پاشەڕۆژی شەڕی عیراق و ئیراندا هەیە هەروەك لە ڕاپۆرتی کۆمیشنی سەر بە (سیناتی) ئەمریکیدا دەرخراوە...

دۆستێکی کورد... بێگانەیەك، لەم ڕۆژانەدا وتی: کورد لەکوێن؟ گەر لەم ڕۆژو سەردەم و هەلومەرجەدا دەرنەکەون و دەنگ و ڕەنگی خۆتان نەنوینن، زەحمەتە جارێکی تر ڕۆژگار دەرفەتتان بداتەوە، لە هەر کوێ هەن هاوارکەن، لە هەر کوێ هەن دەنگ بەزرکەنەوە. تا مەسەلەو پاشەڕۆژی ئێوەش دەکەوێتە ناو ئەجندای ڕۆژهەڵاتی ناوەندەوە بەڵام بەبێ نوێنەرایەتی یەکگرتوو هیچتان بۆ ناکرێ) ئاخۆ کورد ئەمە دەکات؟!!